

# هەڵەبجە.. کۆستە گەورەکە

## یادێک لە"عومەری خاوەر" ئەو شەهیدەی بوو بەڕەمزی میللەتێک





شەش کچەکەی عومەری خاوەر



محەمەد ئەو منداڵەی لەباوەشی باوکیدایە لەکاتی کارەساتی هەڵەبجە



محەمەدو ئەحمەدی عومەری خاوەر

عومەری خاوەر

■ گۆران عوسمان- سویسرا

زۆرن ئەو کەسانەی لەدنیادا ئەبنە سومبولی نەتەوەیەک، لەکوردستاندا (شەهید عومەری خاوەر) یەکێکە لەسومبولەکانی نەتەوەی کوردو بگرە یەکێک لەڕەمزەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەهەموو جیهاندا، عومەری خاوەر خۆشەویستی خەڵکی هەڵەبجەو یەکێک لەهەرە سیمبولە دیارەکانی کارەساتی هەڵەبجەیە کە وێنەکەی لەگەڵ محەمەدی کوڕی ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند.

عومەری خاوەر، ئەو پیاوەی کە بەوپەڕی هەناسەساردییەوە لەکارەساتی هەڵەبجەدا جگەرگۆشەکەی گرتووەتە باوەش تا ژەهرو مەرگ زەفەری پێنەبات، کێیە؟

عومەری خاوەر ناوی تەواوی عومەر حەمە ساڵح ئەحمەدە، بەخۆشەویستی خاوەری دایکی نازناوی خاوەری پێدراوە، خێزانەکەی ناوی (سامیە محەمەد حەبیب)ە. عومەری خاوەر، هەشت کچی هەبوو بەم ناوانە (گەرمیان، ژیان، جوان، بەیان، کوێستان، تارا، شیلان، ئەرمەن). ئەو زۆر بە ئاواتی ئەوەوە بوو کە کوڕێکیان ببێت، سەرەتا کوڕێکیان بوو ناویان نا (شوان)، بەڵام بە داخەوە نەخۆشی بواری ژیانی نەدا، زوو کۆچی کرد. خەمێکی بۆ عومەری خاوەرو خێزانەکەی بەجێهێشت، لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٧دا جارێکی دی ئەو ئاواتەیان هاتەدی‌و ئەمجارە لەجیاتی کوڕێک دووانیان بوو ناویاننان (ئەحمەدو محەمەد)، محەمەد ئەوەیە کە لەوێنەکەدایە، ئەم دووانە زۆر دڵی خۆشکردن، بەجارێک ژیانی عومەری خاوەرو خێزانەکەی گۆڕا بەخۆشی ئەم دوو کوڕە.

کاری عومەری خاوەر نانەوایەتی بوو، خەڵکی شار دەزانن کە لەنانەواخانەکەی وەستا تۆفیق تەنیشت مزگەوتی خانم کاری دەکرد، ئێواران پاسەوانی قوتابخانەیەکی سەرەتایی بوو، بەڵێ بەم شێوەیە بژێویی خێزانەکەی دابین دەکردو ژیانێکی سادەی دەبردەسەر.

شەهید عومەری خاوەر ئارەزووی راگرتنی باڵندە بوو، لەحەوشەی ماڵەکەیدا چەندین جۆر کۆتری نایابی هەبوو، بەداخەوە هەروەک منداڵەکانی کۆترەکانیش فڕین‌و ئیتر نەهاتنەوە، ئەوەی پێویستە بوترێت کە دووایین جار شەهید عومەری خاوەرم بینی رۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ بوو، بەیانییەکەی هێشتا بۆردومان دەستی‌پێنەکردبوو، ئێمە کۆمەڵێک خێزانی نزیک کارگەی پاکژکردنی توتن لەهەڵەبجە پێیانئەوت (تەنقیحەکە)، ئەو ماڵانەی دەوروبەری کارگەکە ژێرزەمینی ئەو کارگەیەیان بەکارئەهێنا لەکاتی بۆردومانەکانی ئێراندا، کۆمەڵێک خێزانی زۆر لەوێ مابووینەوە، خەڵک دەیانزانی کە بەئاسانی لەدەستی رژێمی فاشیستی بەعس دەرناچن، ئەو بەیانییە شەهید عومەری خاوەر هاتە بەردەم بیناکەو پاش ئەحواڵ پرسین وەک جاران دەم بەخەندەوە وتی: «نەترسن ئازادبووین». ئەوەندە نەمایەوەو ئیتر رۆیشت، ئەوە دوایین بینینی من بوو بۆ ئەو، ئیتر ئەوەبوو بۆردومان دەستی‌پێکردو ئێمە لەئێران زانیمان کە ئەو وێنەیە (شەهید عومەری خاوەر)ە، ئەو جێگەیەی کە لێیکەوتووە بەردەرگای ماڵی (کەمال جەلال)ە، دیار بوو ویستوویەتی بەرەو ئەوێ بچێت. بەڵام بەداخەوە ژەهری کیمیایی رێی پێنەداتو لەگەڵ محەمەدی کوڕی دەبنە قوربانی رژێمە فاشیستەکەی بەعس، لەلایەکی تریشەوە هەموو ئەندامانی تری خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی تر لەناو تراکتۆرێکدا دەبن بەنیازن دەرچن، بەڵام ئەوانیش هەر لەجێی خۆیاندا شەهید دەبن.

# پیاوە خەتەرەکە

## ئەحمەدی نەژاد یەکێک لەپیاوکوژە هەرە مەترسیدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە

■ ئازاد محەمەد رەئوف





### لەگەڕەکە هەژارەکانی باشووری تارانەوە تا زانکۆ

مەحمود ئەحمەدی نەژاد ساڵی ١٩٥٦ لەقەزای گەرمساری سەر بەپارێزگای سمنان هاتە دونیاوە، ئەو تەمەنی یەک ساڵان بوو کە باوکی بەمەبەستی دابینکردنی بژێویی ژیان‌و بۆ پیشەی ئاسنگەری بەماڵەوە باردەکات بۆ تاران، نەژاد لەهەژارترین گەڕەکو کۆڵانەکانی باشووری تاراندا پێدەگات، ئەم ژینگەیە رۆڵی سەرەکی دەبێت لەپێکهێنانی کەسایەتی ئەحمەدی نەژاددا، بەتایبەتی کە لەقۆناغی زانکۆدا لەگروپە ئیسلامییەکان نزیک دەبێتەوە. لە سەروبەندی شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا کۆتایی ١٩٧٨و سەرەتای ١٩٧٩، ئەو چالاکترین کەسی خۆپیشاندانی زانکۆکان بوو، دوای سەرکەوتنی شۆڕشیش بەپەلە رووەدەکاتە (کۆمیتەکانی ئینقیلابی ئیسلامی)و رۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت.

### خوێندکاری بارمتەگیری باڵوێزی ئەمەریکا

خوێندکارانی پەیڕەوی هێڵی ئیمام، لە١٩٧٩دا باڵوێزخانەی ئەمەریکا داگیردەکەن‌و دیپلۆماتو کارمەندەکانی بەبارمتە دەگرن، عەباسی عەبدی یەکێک لەم خوێندکارانە بووە، ناوبراو ئێستا یەکێک لە رێبەرانی باڵی ریفۆرمی ئێرانە. عەبدی لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا وێنەیەکی دەرخست کە ئەحمەدی نەژاد پیشاندەدات لەکاتی بارمتەگیری باڵوێزخانەی ئەمەریکادا، هاوکات (٤-٥) کەس لەکارمەندانی ئەو کاتەی باڵوێزخانەکە دوای بینینی وێنەکانی ئەحمەدی نەژاد شایەتی ئەوەیاندا کە نەژاد لێپرسینەوەی لەگەڵ کردوون.

### پاسدارێکی گەنج هاتە کوردستان

نەژاد لەسەروبەری دەستپێکردنی جەنگی نێوان پێشمەرگەو پاسداراندا لەگەڵ حوجەتولئیسلام سادقی خەڵخاڵی کە وەک حاکمی شەرع دیاریدەکرێت، دەنێردرێتە کوردستان. سادقی خاڵخاڵی لەو کاتەدا لەلایەن «ئیمام خومەینی»یەوە سەلاحیەتی بێسنووری دەدرێتێ، کە بۆ کۆتایهێنان بە «ئاژاوەی کوردستان»و بنەبڕکردنی دژە شۆڕش چی بەپێویست دەزانێ، ئەنجامی بدات. لەو کاتەدا نەژاد کە گەنجێکی پاسداری ٢٢ ساڵە دەبێت لەگەڵ خەڵخاڵی هەموو شارەکانی کوردستان دەگەڕێت. خاڵخاڵی حوکمی کوشتن‌و گوللە بارانکردنی سەدان هاوڵاتی کوردستان ئیمزا دەکات، نەژاد یەکێک لەو فەرماندە گەنجانەیە کە بەرپرسیاری جێبەجێکردنی حوکمەکان دەبێت، هەروەها بەرپرسی ئەوە دەبێت کە دواهەمین گوللە بەکوژراوەکانەوە بنێت. بەمدواییە وێنەگرێک کە لەئێران رایکردووە، کۆمەڵێک وێنەی خستەڕوو ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند، ئەو وێنەگرە کە بۆخۆی لەگەڵ کاروانی بەسیجەکاندا هاتبووە کوردستان، لەهەموو گۆرەپانەکانی گوللەبارانکردن وێنەی هەڵگرتووە، ئەم کابرایە وێنەیەکی خستەڕوو کە وەک بەڵگەیەکی گرنگ کاری پێکرا، لەم وێنەیەدا ئەحمەدی نەژادی گەنج لەپەنای حوجەتولئیسلام سادقی خاڵخاڵی بەڕاوەستاوی دەبینرێت.

### ئەفسەری لێکۆڵینەوەی زیندانی ئەڤین- دکتۆر میرزایی

لەنێوان ساڵانی ١٩٨١-١٩٨٦دا، نەژاد لەزیندانی ئەڤین وەک ئەفسەری لێکۆڵینەوە لەسەر زیندانییە سیاسییەکان کاردەکات، ناوبراو لەبەندی (٢٠٩) بەنازناوی دکتۆر میرزایی لەسەر گیراوەکان کاردەکاتو بەرپرسیاری لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان دەبێت. نەژاد لەگەڵ لاجیوەردی کە کادێری سەرەکی زیندانی ئەڤین بووە، هاوکار بووەو دەوری هەبووە لەکوشتنی سەدان گیراوی سیاسیدا.

### گوڵپایەگانی پیاوی هەزار تیر

ئەحمەدی نەژاد لەبەندی ٢٠٩ی ئەڤین بۆ بەندێکی دیکە دەگوازرێتەوە، لەبەندی تازەدا نازناوەکەی دەگۆڕێتو بەناوی نهێنی (گوڵپایەگانی) درێژە بەلێپرسینەوەکانی دەدات، گوڵپایەگانی کە هاوکارەکانی بەکورتکراوەی (گوڵپا) بانگیان دەکرد، لەبەرئەوەی گوللەی خەلاسی زیاتر بەهەزار زیندانی ئیعدامکراوەوە نابوو، بەپیاوی (هەزار تیر) ناوی دەرکردبوو، گوڵپایەگانی یەکێک لەڕووخسارە ترسناکەکانی ئەڤین‌و قزڵقەڵا دەبێت.

دوای ئەوەی بوو بەسەرۆک کۆمار، ئەو زیندانییانەی کە دوای حوکمەکانیان لەئێران رایانکردبوو، هاتبوونە ئەورووپا، دەمودەست دەموچاوییان ناسییەوە، ئەمانە تۆمارگەلێکیان ئامادەکردو شکاتیان لێکرد، دۆسیەیەکی گەورەیان دایە رێکخراوی (هیومان رایتس ووچ) حەمید ئەکبەریان، حەمید حەبیبی، بەهمەن جەننەت سادقی، بەهرام جەعفەری، غوڵام رەزا جەلالی‌و لەعیا رەوشەن لەو کەسانە بوون کە نەژاد راستەوخۆ ئەشکەنجەی کردوون، ئەمانە هەموو داتاو بەڵگەکانیان سەبارەت بە نەژاد داوەتە نەتەوە یەکگرتووەکان.

### لەبەشی ئەندازەیی لەشکری (٦)ی سوپادا

نەژاد لەسەردەمی شەڕدا رووەدەکاتە بەرەکانی شەڕو لەبەشی ئەندازەیی لەشکری (٦)ی سوپادا دەست بەکاردەکات، لەئاخرو ئۆخری شەڕدا سوپای پاسداران بڕیار دەدات لەتەنیشت هێزی میکانیزمەو کلاسیکی خۆیدا، هێزێکی ناڕێکوپێکی پارتیزانی دروست بکات، نەژاد یەکێک لە ئەندازیارانی ئەم هێزە دەبێت. بەمجۆرە لەدامەزراندنی (قەرارگای رەمەزان)دا رۆڵێکی کارا دەگێڕێت.

دوابەدوای دامەزراندنی سوپای رەمەزان، لەگەڵ پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک)و حسکو هتددا، بەشداری دەکات لەتەقاندنەوەی بیرو بۆرییە نەوتییەکانی کەرکوکدا، پاشان لەکاتی گەمارۆدانی ناوچەی هەورامان‌و کوشتاری بەکۆمەڵی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەئاوی سیرواندا بەشدار دەبێت، هەرچەندە لەو کاتەدا موحسین رەزایی فەرماندەی سوپا دەبێت، بەڵام پیاوی پشت پەردەی ئەم رووداوەو کەسی هەرە گرنگی هەواڵگری ئۆپەراسیۆنی قەرارگای رەمەزان خودی مەحمود ئەحمەدی نەژاد دەبێت.

### کادێری کارای سوپای قودس

دوای کۆتایهاتنی جەنگی ئێران‌و عێراق، ئەنجومەنی ئەمنی قەومی ئێران بەبەشداری خامەنەئی، رەفسەنجانی‌و عەلی فەلاحییان‌و ئەکبەر ویلایەتی‌و... هتد، کۆبوونەوەیەک ئەنجامدەدەن، کۆتایهاتنی جەنگ رەنگە ببێتە هۆی گەشەکردنی ئۆپۆزسیۆن، بۆیە ئەنجومەن بڕیار دەدات کەسانی گرنگی ئۆپۆزسیۆن پاکتاو بکات.

پاکتاوکاری یەکەم لەساڵی ١٩٨٨ لەزیندانەکانەوە دەستپێدەکات، هەزاران زیندانی سیاسیی ئیعدام دەکرێن. پاشان لێدانی سەرانی ئۆپۆزسیۆن دەستپێدەکات، لە ساڵی ١٩٨٨دا، د.کازم سامی وەزیری تەندروستی کابینەی (مهندس بازرگان)و سەرۆکی بزاڤی جاما، لەعیادەکەی بە کێرد لەتو پەت دەکرێتو دەکوژرێت، تەلەفزیۆنی رەسمی ئێران هۆی ئەم کوشتنەی گێڕایەوە بۆ ناکۆکی شەخسی، بەڵام دوای ١٥ ساڵ لەبەر ناکۆکی نێوان باڵەکان، ریفۆرمخوازەکان ناوی (حەقشناس) واتە بکوژی د. کازم سامییان ئاشکرا کرد، (حەقشناس) کەسێک نەبوو جگە لە مەحمودی ئەحمەدی نەژاد.

### ئەندازیاری کوشتنی قاسملۆ- شەرەفکەندی

(پیتەر پیلس) پارێزەرو بەرپرسیاری کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی حیزبی سەوزەکانی نەمسا سەبارەت بەکوشتنی دوکتۆر قاسملۆ کۆمەڵێک بەڵگەنامە دەخاتەڕوو، پۆلیس کۆپیی پاسپۆرتێکی دەستکەوتووە، کە وێنەی ئەحمەدی نەژادی لەسەرە، ناوبراو لەبەڵگەنامەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەحمەدی نەژاد بەرپرسیاری ئامادەکردنی چەک بووە بۆ محەمەد جەعفەری سەحرارودی، ئەمیر مەنسور بوزورگیان‌و مستەفا جودی، ناوبراو هەروەها بەرپرسیاری تیمی دووەم بووە کە ئەگەر هاتو تیمی یەکەم نەیتوانی بیکوژێ ئەوا ئەمان قاسملۆ دەکوژن. پۆلیس خەریکە دۆسیەیەک ئامادە بکات بۆ ئەوەی ئینتەرپۆل حوکمی دەستگیرکردنی نەژاد ئیمزا بکات.

لەساڵی ١٩٩٢دا کاتێک کەسانی ئیتلاعاتو ئەندامانی حیزبوڵای لوبنان لەریستۆرانتی میکۆنۆس، د.شەرەفکەندی‌و هاوڕێکانی دەکوژن، لەکاتی دەستگیرکردنی بکوژاندا جارێکیتر ناوی ئەحمەدی نەژاد کەوتەوە ناو دۆسیەکانی تاوان، ئەحمەد نەژاد یەکێک لە رووخسارە ترسناکەکانی ئێرانە.